وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری پارێزگاری لە ئەنفالچیەکان دەکات

ساڵانە لە مانگی نیسان و لە کاتی یادکردنەوەی قوربانیانی شاڵاوی ئەنفالدا باس لە ئەنفالچیەکان دەکرێ و بەڵێنی بە سزا گەیاندنیان دووپات دەکرێتەوە، بەڵام ئەمساڵ پێچەوانە بوو، نەک هەر بەڵێنی گرتن و سزادانی ئەنفالچی و گەورە تاوانباران لە گۆڕیدا نەبوو، بەڵکو لە ڕێی بەرنامەی رادیۆی نەواوە، دادوەر ئومێد موحسین، وتەبێژی ئەنجومەنی داوەری هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردوە کە 'بە نامەی تایبەتی بارزانی و تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا موستەشارەکان (واتە گەورە جاشەکان) لە ئازاری ١٩٩١ ڕاپەرینیان کرد' ئەوەش بەو واتایە دێ کە ئەوانەی دژ بە رژێمی بەعس ڕاپەڕیون، دەبێ ڕێزیان لێبگیرێ و خەڵات بکرێن!!

وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری حکومەتی هەرێمی بێباکانە دووپاتی کردوە کە (سەرجەم جاش و موستەشارەکان وەبەر لێبووردنی گشتی بەرەی کوردستانی کەوتوون!!) ئەوەش واتای ئەوەیە کە ئێدی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ و رادەستی دادگە ناکرێن و سزاش نادرێن!!

لێدوان و قسەکانی وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری نەک هەر جاش و موستەشارە داواکراوەکانی شاد و ئاسوودەکرد، بەڵکو بنەماڵەی ئەنفالکراوان و قوربانیانی دەستی رژێمی بەعسیشی بە یەکجاری هەناسە سارد و هیوابڕ کرد.

بەخشینی تاوانباران و لێنەپرسینەوە لە نیشتمانفرۆشان لە جیهاندا وێنەی نەبووە، لانی کەم لە مێژووی ئەو گەلانەی کە بە تێکۆشان رزگاریان بووبێ، شتی لەو بابەتە بەرچاو ناکەوێ. باوەڕ ناکرێ لە شۆرشی گەلانی ئازادیخوازدا هەروا بە هاسانی گەورە تاوانباران و هاودەستانی داگیرکاران دەربازیان بووبێ، لێمخابن لە کوردستان نەک هەر سزانەدران، بەڵکو پۆست و پلەی حیزبی و حکومیشیان پێدرا.

مێژووی بۆمان دەگێڕێتەوە کاتێ کە جەزائیریەکان لە ساڵی ١٩٦٢ لە ژێر دەستی فەرەنسییەکان رزگاریان بوو، سەرکردایەتی شۆرش بڕیاری دا وڵاتفرۆشان کە ژمارەیان نزیکەی چوار هەزار کەس دەبوو، لە نیشتمان دەربکرێن. بەوهۆیەوە لە جەزائیر دەرکراون مافی هاوڵاتیبوونیشیان لێسەندرایەوە.

کاتێک سوپای بەعس بەهۆی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە بەشێکی باشووری کوردستان راونران و دەرکران، بەشێک لە گەورە تاوانباران و وڵاتفرۆشان دەستیان لە بەعس بەرنەدا، بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی بەعس رایانکرد، کەچی دوای رووخانی سەدام لە ٢٠٠٣دا ئەو تاوانبارانە وەک ئەوەی نەبایان دیبێ نەباران یەکسەر گەڕانەوە کوردستانی رزگاکراو، لەگوڵ گرانتریشیان پێنەگوترا. باشە ئەگەر ئەوانەی لە ١٩٩١ دژ بە بەعس ڕاپەڕین و لەگەڵ گەلەکەی خۆیان مانەوە و بەرەی کوردستانی لێبوردنی بۆ دەرکردن، خۆ کاتێ ئەوانەی لە دوای رووخانی سەدام هاتنەوە بەرەی کورستانی نەمابوو، حکومەتی هەرێمیش هیچ لێبووردنی گشتی بۆ دەرنەکردوون، ئەی باشە بۆ لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ و رادەستی دادگە ناکرێن؟ ئایا وەڵامی وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری بۆ ئەو پرسیارە چیە؟؟

بەڕێز ئومێد موحسین دەیتوانی داکۆکی و بەرگری لە ئەنجوومەنی دادوەری بکات و مافی بنەماڵەی ئەنفالکراون بپارێزێ و بەرگری لە خوێنی قوربانیەکان بکردبایە، بەڵام هەرگیز رەوا نەبوو کە پاساو بهێنێتەوە، راستیەکان پشتگوێ بخات و بڵێ کەس سکاڵای لەسەر تاوانباران تۆمار نەکردووە، گریمان ئەو بەڕێزە نەیتوانیوە پشتیوانی لە خواست و مافەکانی بنەماڵەی قوربانیان بکات، بەڵام خۆ دەیتوانی پاساو بۆ لێبووردنی گشتی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی نەهێنێتەوە، لە کاتێکدا خۆی وەک دادوەرێک دەزانێ کە سەرچاوەی لە هیچ بنەمایێکی یاسایی و دەستووری وەرنەگرتووە.

لەلایەکی دیکەوە، خۆ ئەو بەڕێزە دەزانێ کە دادگەی باڵای تاوانەکان بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ ٤١٣ تاوانبار دەرکردووەو لە ٢٠١٠/٨/١١ بە نووسراوی داوای لە سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی کردووە تا ئەو تۆمەتبارانە دەستگیر بکرێن و رەوانەی بەردەم دادگە بکرێن. لە نێو ئەو ژمارەیەشدا ٢٥٨یان کوردن و بە بەشداریکردن لە شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردستانیان تۆمەتبار کراون، ئەمە لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆر لەو تۆمەتبارانە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی هەرێمدا ئازادانە دەژین.

جێگەی داخباریە کە بەڕێز ئومێد موحسین باس لە کەسیبوونی کەیسەکان دەکات و پێیوایە مادام سەرکردایەتی بەرەی کورستانی لێبووردنی بۆ دەرکردوون، ئیدی ئەرکی حکومەت و ئەنجوومەنی دادوەری نیە کە بەدواداچوونیان بۆ بکات و تۆمەتباران رادەستی دادگە بکات!!

گریمان ئیدی حکومەت لێپرسینەوە لە پرسی ئەنفالکراواندا ناکات، بەڵام خۆ نابێ مافی ئەو کەسانەش لەژێر پێ بنێ کە سکاڵایان لەسەر تۆمەتباران تۆمار کردووە؟ بە گوێرەی زانیاریەکان زیاتر لە ١٧٠ سکاڵا لە دادگەکانی کوردستاندا لەلایەن بنەماڵەی ئەنفالکراونەوە لەسەر قاسم ئاغای کۆیە تۆمار کراوە، بەڵام کەسێک بوێری ئەوەی نیە پەنجەی بۆ درێژ بکات، یان رادەستی دادگەی بکات. بێگومان بنەماڵەی قوربانیەکان سکاڵای هاوشێوەیان لەسەر تاوانبارانی دیکەدا تۆمار کردووەو تا ئەمڕۆش بێوەڵام ماوەتەوە.

بنەماڵەی قوربانیان لانی کەم ماوەی ٢٥ ساڵە کە لە چاوەڕوانی دادگەیی کردنی بکوژانی خۆشەویستانیان راوەستان، کەچی ئەمڕۆ بە سووکی و هاسانی پێیان دەگوترێ کە تاوانباران وەبەر لێبووردن کەوتن و رادەستی دادگە ناکرێن!!

ئێستا کە بیست و حەوت ساڵ بەسەر شاڵاوی ئەنفال تێپەڕ دەبێ، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە تۆمەتباران رادەستی دادگە بکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و سزای بەشداریکردنیان لە تاوانەکە وەربگرن، بەڵام ئەگەر ئێستاش حکومەتی هەرێم خەمساردی لێبکات و دادگەیش بە ئەرکی خۆی نەزانێ، کەچی گومان لەوەدانیە کە ئەو رۆژە دێ کە دادگەی گەل حیساب لەگەڵ ئەو گەورە وڵاتفرۆشانە بکات و سزایان بدات.

پێموایە بۆ خودی بەڕێز ئومێد موحسین باشتر بوو کە پارێزگاری لە کەیسی ئەنفالکراوان و داواکاری بنەماڵەی قوربانیەکان بکردبایە و هەرگیز رۆڵی پارێزەری ئەنفالچیانی کایە نەکردبایە، چونکە بۆ کەسێکی یاساناس زۆر قورسە کە رەوایەتی لەژێر پێبنێ و داکۆکی لە تۆمەتباران بکات، لەکاتێکدا سوڕ بزانی کە ئەو موستەشارانە بەشداریان لە

چارەنووسی ئەسەدو بەرپرسانی ڕێکخراوی داعش لەبەرنامەی ئەمریکا دا

هەندێک لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سوریە، بەشار ئەسەد، سەرکۆماری وڵاتەکەیان بە پشتیوانیکردن لە داعش تۆمەتبار دەکەن، هەندێک پێیانوایە کە بەبڕیاری خودی ئەسەد ڕێ بە فڕۆکە جەنگیەکانی سوریا نادرێ کە هێرش بکەنە سەر مۆڵگەکانی داعش و پەلاماری کاروانی چەتەکانی داعش نادرێ!! هەندێک چاودێر لەوە زیاتر هەڵدەکشێن و باس لە هاوکاری بەرنامەڕێژکراو لەنێوان هەردوولادا دەکەن، بەڵام خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسیەکان ئەوانە ڕەت دەکەنەوەو پێچەوانەکەی بەرجەستە دەکەن. لەکاتێکدا کە داعش بە دوژمنی سەرسەختی ئێران و شیعەکان دادەندرێ و کار بۆ قڕکردنیان دەکات، کەچی تەنیا کۆماری ئسیلامی ئێران و شیعەکان پشتیوانی لە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەکەن، هاوکاری دەکەن و دەیپارێزن. بۆیە باسکردن لە پێوەندی نێوان ئەسەد و داعش تراویلکەو تۆمەتێکی بێبنەمایە.

بۆ شێواندنی چارەنووسی بەشار ئەسەد ئامێری راگەیاندنێکی گەورە دەستی بەکار کردووە، لە هەفتەکانی رابردوودا چەندین جار باس لە هەڵاتنی ئەسەد بۆ دەرەوەی سوریا کرا، جارێکیش باس لە کوژرانی و جارێکی دیکەش هەواڵی کۆدێتاکردن و دەستگیرکردنی بڵاوکرایەوە بەڵام ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو، بەبۆنەی ڕۆژی شەهید، بەشار ئەسەد لەنێو شاری دیمەشق دەرکەوتەوە، بەوهۆیەوە ئەو پروپاگەندانە پوچەڵ بوونەوە. وێڕای ئەوانەشەوە هەمیشە ئەمریکا جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشار ئەسەد هیچ ڕۆڵێکی لە داهاتووی سوریادا نابێ، واتە یان ئەسەد رادەکات و وڵات جێدەهێڵێ یان دەکوژرێ!! بەڵام هەتا ئێستا بە ئاشکرا هیچ پاداشت و خەڵاتێک بۆ دەستگیرکردن و کوشتنی ئەسەد لەلایەن ئەمریکاوە رانەگەیندراوە، لەبەرانبەر ئەوەدا سەرچاوەکانی هەواڵگری ئەمریکا زۆر شێلگیرانە بە دوای دەستگیرکردنی ئەبووبەکر بەغدادی و گەورە بەرپرسانی ڕێکخراوی داعش دا دەگەڕێن، تەنانەت پاداشت و خەڵاتیان بۆ دەستگیرکردن و کوشتنی ئەوان تەرخان کردووە.

هەر لەهەفتەی رابردوودا وەزارەتی دەروەی ئەمریکا بڕی بیست ملیۆن دۆلار پاداشتی بۆ دۆزینەوەی چوار بەرپرسی داعش راگەیاند.

بەگوێری راگەیاندراوەکە هەریەکە لە 'عەبدولڕەحمان مستەفا ئەلقادولی'، 'ئەبو محەمەد ئەلعەدنانی'، 'تەرخان تەیمور' و 'تاریق بن تاهیر ئەلحەرزی' لەلایەن ئەمریکاوە داواکراون و بیست ملیۆن دۆلاریش وەک خەڵات بۆ ئەو کەسانە دیاریکراوە کە شوێنی حەوانەوەی ئەوانە ئاشکرا دەکەن.

لەو پارەیەدا بڕی حەوت ملیۆن دۆلار بۆ دۆزینەوەی ئەلقادولی تەرخان کراوە کە پێشتر یارییدەدەری ئەبومەسعەب زەرقاوی بووە، هەروەها پێنج ملیۆن دۆلار خەڵات بۆ دۆزینەوەی ئەلعەدنانی تەرخان کراوە کە پۆستی وتەبێژی داعشی هەیە، پێنج ملیۆن دۆلاریش خەڵات بۆ دۆزینەوەی 'تەرخان تەیمور' ناسراو بە ئەبو عومەر چیچانی و سێ ملیۆن دۆلاریش خەڵات بۆ دۆزینەوەی ئەلحەرزی تەرخان کراوە.

هەڵبەت ئەو پاداشت و خەڵاتانە لەژێر ناوی لەپێناو عەدالەتدا باسیان لێوەدەکرێ و تەرخان دەکرێن، بەڵام ڕاستیەکەی بۆ کۆتاییهێنان بەمەترسی ئەو کەسانەیە کە ئەمریکا وەک هەڕەشە لەسەر ئاسایشی خۆی دەیانبینێ.

ئەگەر پێوانە بۆ تەکانەیی ئەمڕۆی ئەمریکا بکرێ، دەبێ بگوترێ کە چارەنووسێکی نادیار بۆ بەشار ئەلئەسەد و بەرپرسانی ڕێکخراوی داعش لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکادایە، بەڵام مەرج نیە کە هەموو خواست و ویستەکانی ئەمریکا سەربگرێ.

بەشار ئەلئەسەد لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران، روسیا، چین و هەندێک وڵاتی دیکەوە پشتیوانی لێدەکرێ، هەروەها سەرکردەکانی داعشیش لەلایەن تورکیا، قەتەرو سعودیەوە پشتیوانیان لێدەکرێ و یارییان پێدەکرێ، ئەوەش وا دەکات کە تەمەنیان درێژتر بکرێتەوە، بەتایبەتیش بەشار ئەلئەسەد کە هێشتا وەک سەرۆکی شەرعی سوریا دەناسرێ و زۆربەی وڵاتانی جیهانیش رەفتاری لەگەڵدا دەکەن، بەڵام هەرکاتی گەمەکە تەواو ببێ، ئیدی سەرکردەکانی داعش خلۆر دەکرێنەوە.

سەیوان ئارام